# بزوتنەوەی کوردوستان و ستراتێژی پرسی نەتەوەیی

## تەیفور بەتحایی

ئەگەر کوردوستان بە هەر چوار پارچەکەی ئێستا بگرین و بزوتنەوەکانی بە هەموو جیاوازییانەوە بخوێنینەوە کە بە ڕای من پێویستە چۆنکە گەرچی جیاوازیان هەیە بەڵام زۆر شتیان لە یەک دەچێ. بەڵام بەر لەوە دەبێ پێناسەیەک لە نەتەوە و کێشەی نەتەوەیی بدەین کە بزانین چاوەڕوانی چ شتێکین لەو بزوتنەوەیە یا خۆ بە چ شێوە هەڵسەنگاندنێکەوە چاوی لێدەکەین.

نەتەوە یان میللەت چییە: من پێم وایە کۆمەڵێک دەگاتە ئاگاییەکی هاوبەش لە کەسایەتی و کیانی خۆی و پێناسەیەکی جیاگانەی نەتەوەیی بۆ خۆی دیاری دەکا. و داوای مافی نەتەوایەتی خۆی دەکا. بە پێ ئەوە کە ئەو هەستە هاوبەشە چەند بەرفراوان و یەکگرتوو بێ، چەند و چۆنی بزووتنەوەکە دیاری دەکا.

پێکهاتنی ئەم باوەڕە بە هۆی داگیرکردنی خاکەکەیەوە بێ یان زۆڵم و زۆری نەتەوەی دەسەڵاتدار یان دیکتاتۆری پاوان خواز جیاوازی زۆری نییە. گرینگ ئەوەیە کە ئەو خەڵکە پێیان وایە چارەسەربوونی کێشەی نەتەوەییان ڕێگا بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیا ن دەکاتەوە.

کە وابوو کێشەی نەتەوایەتی لە بارو دۆخێکی تایبەتیدا وەکوو کێشەیەکی سیاسی دێتە پێشەوە. دەبێ چارەسەر بکرێ دەنا تەشەنە دەکا، بەو مانایە کە لە خواستێکی سادەوە بە پێ ئەو تاوانە کە دەیدا دەبێتە خواستێکی جیاکەرەوە. هەم لە باری کولتوری و کۆمەڵایەتییەوە ، هەم لە باری ئیتنیکی و سیاسییەوە.

سیاسی بوون بۆ خۆی کە چۆنیەتی پێکهاتنی میللەتەوە وەردەگرێ. لە ڕۆمی کەونارا کاتێک سەناتۆرەکان لە سەنادا قسەیان دەکرد. دەیانگوت ڕۆم ئاوا دەڵێ، یان ڕۆم ئەوە شتە قبول ناکا، یان ئەو داوایە هەیە. مەبەستیان خەڵکی ئازادی ڕۆم بوو. دواتر هەر ئەم جۆرە گوتنە

هاتە شۆڕشی فەرانسەوە. دەزانین کاتێک لە فەرانسە شۆڕش کرا هەموو ئۆروپا کۆ بوونەوە و هێرشیان بۆ هێنا. خەڵک لە مارسەیەوە بە پێیان وەڕێ کەوتن بۆ پاریس و سرودی مارسیزیان دەخوێند کە ئێستاش سرودی میللی فەرانسەیە. بە دەم ڕێگاوە خەڵک لەگەڵ دەکەوت کاتێک گەییشتنە پاریس بوون بە لەسکرێک کە بەرەنگاری ئەرتەشەکانی ئۆروپا بووە و شکستی دان. لەوە بەدوا خەڵکی فەرانسە خۆیان هاو هەست و هاوبەش دەزانی و ووشەی سیتوایەن (هاوشاری) بوو بە باو. یانێ تاکێك لە میللەت. لە قسەکردنی پارلێمانیشدا فەرانسە ئاوا دەڵێ و فەرانسە ئەمە دەکا و ئەوە ناکا. هاتە گۆڕێ. ئەمە ئەو تایبەتییەیە کە میللەت بە خۆیەوە دەگرێ. دوواتر کۆپی دەکرێ و لەو ولاتانە کە هێشتا ئەو هەستە یەکگرتووە پێک نەهاتووە، دەیانەوێ بە زۆر میللەت دروست بکەن.ئێران و تورکیە نموونەی ئەو جۆرە هەوڵدانە بێ ئاکامەن.

<u>کە دەگاتە نەتەوە ژێر دەستەکان، بۆ دەڵێین تەنها سیاسییە</u>: لەبەر ئەوە داوای گۆڕینی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی ناکا. بۆ نموونە ناڵێ دەرەبەگایەتی لابەن، پاشایەتی نمێنێ، یان سەرمایەداری لە گۆڕ کرێ. بەڵکوو لە چوارچێوەی ئەو فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییەدا کە هەیە داوای بەش دەکا و پێناسەیەکی هاوسەنگی بۆ خۆی دەوێ. بە گۆڕانی فۆرماسیۆنەکە داوخوازەکانیش دەگۆڕدرێ. بۆ نموونە لە بزوتنەوەکانی سەدەی نۆزدەدا کەس باسی دەوڵەتی سەربەخۆ ناکا. بەلام کە دەگاتە دوای مەشروتە باسی دەوڵەت و تەنانەت جمهوری دەکرێ. نموونەکەی دیکە: لە پڕۆگرامی کونگرەی سێهەمی حێزبی دێمۆکراتدا هاتووە کە دیکتاتۆری شا بگۆڕدرێ بە دێمۆکراسی شاهنشاهی. هەروەها بیر کەنەوە ئەگەر لە ساڵی ٥٧ دا مەلاکان ددانیان بە خودموختاریدا دانابا، کورد بە وتەی ڕێبەرەکان خۆی دەبوو بە پاسەوانی شۆڕشی ئیسلامی و سنورەکانی ئێرانی پاسەوانی دەکرد.

<u>کە وابوو فاکتەرێکی دیکەی چۆنیەتی بزووتنەوە، شوێن، کات و رادەی پێشکەوتوویی کۆمەڵەکەیە. هەروەها چەند و چۆنی دوژمنەکەشی کارتێکەری هەیە.</u>

بۆ نموونە لە بزوتنەوەکانی دژی داگیرکەری کولونیالْدا بزوتنەوە شێوەی رزگاری خوازی و سەربەخۆیی وڵات بە خۆیەوە دەگرێ و ستراتێژییەکی تایبەت بەو هەلومەرجەی هەیە. زۆربەی کات نەتەنیا زبان و کولتور و ئایین و مێژوویان لێک نزیک نییە بە ڵکوو پەیوەندی نێوانیان پەیوەندی چەوسانەوەیە. ئەو بزووتنەوانە لە ساڵەکانی دوای شەڕی یەکەمەوە هەتا ئەم ئاخرانە لە ئەفریقا و ئاسیادا دەبیندرا.

لە وڵاتانی شێوە ئێمپراتۆریدا (کە ناوەندێک زاڵە بەسەر گەلانی جۆربەجۆردا) بزوتنەوە شێوەی خەباتی دژی دیکتاتۆری بە خۆوە دەگرێ. (نموونەی ئێران لەو شێوەیە. لە بەرنامەی حێزبی دێمۆکراتدا دانانی دێمۆکراسی لەپاڵ خودموختاریدا نموونەییە) مەگەر کار بگاتە ئەو ئاستە کە ئەو گەلانە ناچار ببن، هەموو نیزامەکە تێک بڕوخێنن هەتا مافی نەتەوەیی خۆیان وەربگرن.

گەلانێک وەکوو کورد و بەلوچ و تورکەمەن کە لە نێوان وڵاتانی جیاوازدا دابەش کراون خەباتەکەیان پیچیدەتر و تایبەتمەندترە. بە تایبەت ئەگەر ئەو وڵاتانە زبان و کولتور و فورماسیۆنی کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەبێ. بەلوچ لە سێ وڵاتی ئێران و پاکستان و ئەفغانستان دان. ئێران سەرمایەدارییە و پاکستان و ئەفغانستان هێشتا دەرەبەگایەتییە. یان عێراق و ئێران و تورکیە و سوریە، کە کوردی تێدان. بیر کەنەوە ئەگەر هەر چوار وڵاتەکە عەرەب بوایەن کاری ئێمە چەند ئاسانتر دەبووەوە. ئەم فاکتەرە دەبێ زۆر زیاتر لێی بکۆڵدرێتەوە. بۆیە مێژووەکەمان وای لێهاتووە کە بزوتنەوەکان دابڕاو لەیەکتر و بە تایبەتمەندی جیاوازەوە سەریان هەڵداوە و پێم وایە ئێستاش دەبێ ستراتێژی تایبەتی و جیاوازیان بۆ دارێژرێ. ئەم جیاوازییە ئەوەندە قووڵ بوەتەوە کە دەکرێ بڵێین هەبوونی چوار کوردستانی سەربەخۆ ئاسانترە لە یەک کوردستان. بۆیە من کوردستانی باشور یان کوردستانی رۆژهەڵات بەکار دەبەم ، نەک رۆژهەڵاتی کوردستان یان باشووری کوردستان.

بۆ زیاتر روون کردنەوەی مەبەستەکەم با چاوخشاندنێک بکەین بە بزوتنەوەکانی کورددا.

چەند نموونە لە بزوتنەوەکانی سەدەی نۆزدە

بدرخان ٤٤ هەتا ٤٧

یەزدانشیر برازای بدر خان کە خۆی بوو بە هۆی شکانی بدر خان ١٨٥٣ داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد بەو مەرجە خۆی پادشا بێ، لە لایەن ئینگلیسەوە هەڵخەڵەتێندرا بردیانە دەربار عوسمانی بۆ وتوویژ و لەوێ لە زیندانیان کرد

شێخ عوبەیدوللە (شێخی نەهری) ١٨٨٠ لەگەڵ شای ئێرا ن تێک دەچێ لە سەر زەکات روو لە عوسمانی دەکا ئاخری بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران چەک لە ئینگلیس وەردەگرێ دووایە لە ئەستەمبوڵەوە هەڵدێ بۆ مەکە و لەوی کۆجی دووای دەکا ١٨٨٢

لە سەرەتای سەدەی بیستدا جووڵانەوەی درسیم و شێخ مەحمود لە موصڵ و سلێمانیە. پشتیوانی شێخ عەبدوالسلام بارزانی لە شێخ. هەر لەو کاتەدا راپەڕینی سمکۆ لە ئێران هەیە. ئەم دووانە گەرچی بەرهەمی بشێوەی سەرەتای سەدەی بیستەم و شەڕی یەکەمن بەڵام تایبەتمەندییان هەر وەکوو راپەڕینەکانی سەدەی نۆزدەیە.

هەموو ئەمانە لە لە دەورانی فیئودالیدا بوون چەند تایبەتمەندییان هەیە:

١. هەموویان بە رێبەری سەرۆک عەشیرە و شیخەکان بەڕێوەچوون. کە لەو کاتەدا لە ژێر تەوژمی باب عالیدا بوون بۆ دانی زەکات و باج. بە گشتی هاتنی مەشروطە لە عوسمانیدا بار و دۆخەکەی گۆڕیبوو. لە سیستەمی عەشیرەتیدا تاک لە پێشدا ئەندامی عەشیرەتە، دوایە ئاییینییە (موسڵمان یان مەسیحی یان...) لە ئاخر هەموویانەوە کوردە. ئەویش بە بۆنەی زبانەکەیەوە نەک بە بۆنەی هەستی نەتەوەییەوە.

٢. ئاگاهی و شعوری نەتەوەیی تێیدا گەشە ناکا. راستە وەکوو کەسایەتی جار وایە داوای کوردستانیان کردبێ بەڵام بەس بۆ دەسەڵاتی خۆیان بووە. نەک بۆ پێکهێنانی سەرزەمینێکی نەتەوەیی. بۆ نموونە میر موحەمەدی رواندز (پاشا کۆرە) هەر لە موسڵەوە هەتا مەراغەی بە دەستەوە بوو، کەچی کاتێک قەولی خرقەی پاشایەتی پێ دەدەن دەڕوا بۆ ئەستەمبوڵ، خرقەکەشی دەدەنێ دووایە بێ سەروشوێنی دەکەن. شۆڕشەکەشی بڵاو دەبێتەوە (١٨٣٧)

٣. گرێدراوی یەکێک لە هێزەکانی دەوروبەرن یان یارمەتی لە ئینگلیس یان روس وەردەگرن و لە سەرپێ خۆیان نین. بۆ خۆشیان کاتێک دەسەڵاتەکەیان لە کوردنشینەکاندا بڵاو دەکەنەوە، ئاکاریان لە گەڵ خەڵکەکە وەکوو داگیرکەرە. بۆ نموونە سمکۆ مەهاباد و دەوروبەری تاڵان دەکا. (باسی دەرپێیەکە)

٤. هیچ بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بۆ وڵات نییە. تەنانەت بەسەرهاتی راپەڕینەکە نەنووسراوەتەوە. رۆژنامە و کتێب هەر هیچ.

دەگەینە شەڕی یەکەم:

وەک گوتم لە ئێران و عێراق سمکۆ و شیخ مەحمود بون کە لە نێوان هێزەکانی بەرەی شەڕی ئەوکاتەدا ئەمبەر و ئەوبەریان دەکرد و تەنانەت نەیانتوانی حێزبێک پێک بێنن.

لە تورکیە دۆخەکە نەختێک جیاوازە:

پێش شەڕی یەکەم چەند کۆمەڵە کلوب لە لایەن رووناکبیرانی کوردەوە کە هەموویان کوڕە ئاغاکانی پێشوو بوون بەڵام لە ئۆروپا خوێندبوویان پێک هات، ئەمە بە چاولێکەری لەگەڵ ترکەکانی لاو کە وردە وردە دەبوون بە هێزێکی بڕیار دەر پێک هات. ئەمانە زمینە خۆشکەر بوون بۆ هەستێکی میللی بەڵام دوواتر بە هۆی رچەڵەکی چینایەتییەوە کە پڕ بوو لە دووبەرەکی نەیانتوانی بگەنە رادەی سەرهەڵدانێکی نەتەوەیی. هەر چۆنێک بێ، پشتیوانی و بەشداری خەڵک لە شێخ سەعیدی پیران و جووڵانەوەی ئارارات بەشێکی زۆری رەنگدانەوەی ئەو بە ئاگاهێنانەوەیە. بەشێک لە راستییەکەش ئەوەیە کە داخستنی قوتابخانە ئایینییەکانیش بەشێک لە نارەزایی شێخەکانی پێیەوە بوو. بەڵام راپەڕینی ئارارات کە هەموو کۆمەڵە و حێزب و رێکخراوەکانی کوردی تێیدا بەشدار بوون، راپەڕینێکی مۆدێڕن بوو کە بۆ یەکەمجار گەلاڵەی کۆمەڵایەتییان هەیە و ئاڵای تایبەتی خۆیان هەڵدەکەن، کە هەر ئەو ئاڵایە کە ئێستاش هەڵدەکرێ. شکانی راپەڕینی ئارارات و قەڵاچۆی خەڵکی کورد، بەرەنگاری خەڵکی درسیمی بە دواوەیە کە ئەویش سەرکوت دەکرێ. دەتووانین بڵێین کە ئەم راپەڕینەانەی دوایە، شێخ سەعید و ئارارات و درسیم بەپەلە کرا بوو و کاتی نەگەییشتبوو،

هەلومەرجەکە چاک لێک نەدرابووەوە. ئەوەش هەڵەکەی دەکەوێتە خەتا رێبەرایەتی خوی بون.

هەر لەو کاتەدا مەشروتەی ئێران دادەمەزرێ و رووناکبیرانی دینی و بازاڕی دێنە پێشەوە. کە چی سمکۆ لە دۆخەکە تێناگا. شێخ مەحمود هەرا، بەس داوای پادشاهی بۆ خۆی دەکا. بەپێ قسەی لێکۆڵەرەوان هیچ کاتێک دۆخ بۆ ساز کردنی وڵاتێک بۆ کوردان وەکوو شەڕی یەکەم لەبار نەبووە. بەڵام رووناکبیرەکان لەباتی ئەوە روو لە خەڵکی خۆیان بکەن و رێکیان بخەن، چاویان لە دەستی ئینگلیس و روس و فەرانسە بوو کە بەشیان بدەن. ئەوانیش بەرجەوەندییان بەو شوێنەدا نەچوو. یانێ هەستی هاوبەشی نەتەوەیی و ئاگاهی نەتەوەیی هێشتا لەو رادەیەدا نەبوو کە خواستەکە بکاتە داوایەکی سیاسی و پشتی بگرێ. ئەم کەموکوڕییە دوواتریش لە جووڵانەوەکانی کورددا بەدیار دەکەوێ.

شەڕی دووهەم لە عێراق راپەڕینی بارزانییەکان و لە ئێران جمهوری کوردستان بەرهەم دێنێ. سەبارەت بە جمهوری زۆر کوتراوە و زۆر نووسراوە، من دەمەوێ لەم روانگەوە کە باسم کرد تەواشای بکەم.

<u>تایبەتییەکانی ئەمانەن:</u>

١. یەکەم راگەیاندنی جمهورییەتە. پێشتر راگەیاندنی کوردستانی سەربەخۆ یان ئازاد هەبووە، بەڵام هیچیان جمهوریەتیان رانەگەیاندووە. ئەمە دەرچوون لە فۆرماسیۆنە. گەرچی داوای لابردنی نیزامی پادشاهی ناکرێ. یانێ ئەمان ناڕاستەوخۆ داوای جیابوونەوە دەکەن. کاریان بە فۆرماسیۆنی ئێرانەوە نییە.

٢. حیزب رێبەرایەتی دەکا. گەرچی ئەمە زۆر تازە نییە بەڵام گرینگە، هەرچەند هێشتاش کەسێکی ئایینی رێبەری حیزبەکەیە. ئەمە بۆ خۆی لە گرینگی حیزبەکە کەم دەکاتەوە. بارزانییەکانیش کە لە بەر بۆمبارانی ئینگلیس هەڵدێن و دێنە پاڵ کۆماری کوردستان گەرجی لە بەرنامەکەیاندا داوای مافی چارەنووس دەکەن و وڵاتی سوسیالیزمی مارکسی، لێنینی ئامانجی نیهاییانە بەڵام هەر سەرۆک عەشیرەتی بارزان رێبەریانە.

٣. دەوڵەت پێک دێنن: کە ئەمە یەکەم نموونەیە لە بزووتنەوەکانی کوردیدا. وەزارەتەکان هەرکام لە بەشی خۆیاندا یاسا دادەنێن و بە پێ ئەوانە دەکرێ بڵێین بە چ شێوەیەک ویستوویانە وڵات بەڕێوەبەرن.

٤. هاوکاری لە نێوان سێ بەشی کوردستاندا هەبووە.

٥. پێک هێنانی رێکخراوی کولتوری و گرینگی دان بە زمان. لە هەموو گرینگتر پێکهێنانی رێکخراوی ژنان

ئەو تایبەتیانە کە لە جووڵانەوەکانی دیکە بە میرات ماوەتەوە.

- یەکەم هەروا کە ئاماژەم پێدا، رێبەرایەتی ئاغا و کەسانی ئایینی. کە بووەتە هۆی ئەوە کە باسی دابەشکردنی زەوی نەکرێ و ئەمە خۆی خەڵکی ئەودەم کە ٩٥ لە سەدی وەرزێر بووە، بێبەش دەکا. دواتریش جووڵانەوەکە هەر بە تاکەکسەوە پێناسە دەکرێ.

- دووهەم گشتگیر نەبوونی هەستی نەتەوایەتی، دەزانین کە بەشێکی هەرە زۆری خاکی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی دەسەڵاتی کۆمار بوو و هیچ هەڵێک بۆ راکێشانی سەرنجی ئەوان نەدراوە.

- سێهەم پشت بەستن بە هێزی وڵاتانی دیکە. زۆر جار دەگوترێ ئەگەر سۆڤیەت پشتی چۆڵ نەکردباین. ئەوە شتێکی دیکەدەبوو. دەشکرێ بگوترێ ئەگەر سۆڤیەت نەبا، کۆمار دانەدەمەزرا. سۆڤیەت یان هەر وڵاتێکی دیکە بێگومان بەر لە هەر شتێک مافی خەڵکەکەی خۆی لەبەرچاوە. با ئێمەش ئەوەمان لەبەرچاو بوایە و توانیبامان بە بێ سۆڤیەت خۆمان رێک بخەین و رابگرین. یەک سەنەدم نەدیتوە کە سۆڤیەت قەولی دابێ کە هەتاهەتایە پشتی کۆمارەکان چ کوردستان و چ ئازەربایجان بگرێ. ئەگەر وای کردبا ئەوە یانێ دەیەویست بیانکاتە دوو بەشی گرێدراو بە سۆڤیەتەوە. کە ئەوەش لە کۆنفراسی تاران بە راشکاوی دەرکەوت کە ئەو بەشە بەشی سۆڤیەت نییە.

- چوارەم بڵاو بوونەوەی هێزەکان پاش سەرکوتکردن ڕێبەرایەتی جووڵانەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر شۆڕشی ٥٧ نەبا ئەوە حێزب هەتا ئێستا هەر باسیشی نەمابوو.

- پێنجەم ئەویش بەرهەمی تێکچوونێکە کە بە هۆی شەڕی دووهەمەوە پێک هاتووە.

- یەک تایبەتی دیکە بۆ حێزبی دێمۆکرات هەبوو کە لە جووڵانەوەکانی پێشووی کورددا نابیندرێ ئەویش گرێدراوی بە حێزبی تودەی ئێرانەوە بوو.

دوای کۆمار دەگەینە شۆڕشی نەتەوەیی عێراق و بەرهەمەکەی بۆ کورد کە دەبێتە

ڕاپەڕینی ئەیلول: دیارە دنیا لە گۆڕانێکی دیکەدایە. زۆربەی وڵاتانی ژێردەستە لە خەباتی ڕزگاریخوازیدان. کوردیش ئەو کوردەی بیست و چەند ساڵ پێشتر نییە. بۆیە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانی باشور گرێدراوە بە ڕاپەڕینەکەوە و خۆی بە کورد دەزانێ، تەنانەت جاشەکانیش بە ناو کوردەوە ڕێگای هاوکاریان لەگەڵ بەغدا هەیە. یاخۆ کەرت بوونی ساڵی ٦٦ یان نسکۆی ساڵی ٧٥ ئەو هەستە گشتییە لەنێو نابا. هەر وەک دەزانین گرێدراوی ئەم بزوتنەوەش بە هێزی دەرەکییەوە دەبێتە هۆی داڕمانی. جگە لە باقی تایبەتییەکان وەکوو ڕێبەرایەتی بنەماڵەیی و دەوری تاکەکەسی لە ڕێبەرایەتیدا. لە هەر دووک باڵەکە. (هەم لە یەکێتی و هەم لە پارتیدا) هەر ئەو خاڵە نگاتیڤانەن کە پێشتریش لە ڕاپەڕینەکانی دیکەدا دیتمان.

بەم شێوە دەگەینە شۆڕشی ٧٩ ئێران کە هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری لە تورکیە. ئەم شێوە خەباتە کە لە تورکیە دەستی پێکرد پێشتر لە ئێران (جووڵانەوەی ساڵی ٦٧/ مەلا ئاوارە و موعینی و شەریفزادە) و دوو هێزی فیدایی و موجاهێد بە تاقی کرابووەوە. دەکرێ بڵێین یەکەم ڕاپەڕینی کوردە کە بەرهەمی بشێوەی وڵات نییە، بە پێچەوانە لە کاتی هەرە بە هێزی حوکومەتدا دەست پێدەکا. یارمەتی لە وڵاتانی دیکە وەرناگرێ و لە سەرەتاوە داوای گۆڕینی فۆرماسیۆنی وڵات دەکا، کە ئەویش هەر لە سەرەتاوە ڕێبەری تاکەکەس خۆی بەسەریدا زاڵ دەکا.

شۆڕشی ٧٩ ئێران دیسان کیشەی کورد لە ئێراندا زیندوو دەکاتەوە. گەرچی بەشێک لە هێزەکان خۆیان بە چەپی ئێرانەوە گرێ دەدەن و وەکوو کورد خۆیان پێناسە ناکەن بەڵام بیانەوێ یان نە، ئەوە کوردستان و پرسی کورد بوو کە دەرفەتی بۆ گەشەکردنی ئەوان رەخساند و ئێستاشی لەگەڵ هێزیان لە کورد و هەستی کوردییەوە وەردەگرن. دەنا بۆ تلەڤزیۆن و رادیو و رۆژنامەتان بە کوردی هەیە و بە ئازەری یان بەلوچی نییە.

هەرچۆنێک بێ، ئەمجارە دنیا لە قەیرانێکی دیکەدا بوو. زۆربەی وڵاتانی ژێردەست رزگار ببوون و دنیا بە چاوی کراوەوە رووداوەکانی دەدیت. هاوسەنگی بەرەکانی شەڕی سارد ئیزنی خۆ تێکەڵکردنی زلهێزەکانی بە شێوەی کۆن نەدەدا. لە ئێران دەورانی دەربەگایەتی تێپەڕیبوو، خەڵک بە زۆربەیی خوێندوار بوون و رادیو رۆژنامە کاریگەرییان هەبوو. ئەوە بوو کە تایبەتمەندییەکان تا رادەیەک گۆڕابوون. بەڵام چەند خاڵ هەر مابوون.

١- باوەڕ بە خۆ نەکردن و بە کەم گرتنی هێزی گەلەکەمان و لەو بوارەدا رێکنەخستنی پێویست. کە ئێستا ئاکامەکانی دەبینین. (وتووێژ لەگەڵ تاران)

٢- نەبوونی ستراتێژی دوورخایەن و دابین کردنی تاکتیک لەسەر پشتیوانی وڵاتی دەرەوە. (دەبوا پلانی شەڕی پارتیزانی دوور خایەن لە شار و شاخ هەبا- دەبووا خۆ لە هەموو کوردستان بڵاو بکەینەوە)

٣- بڵاو نەکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی بە پێ پێویست و خۆ تێگلاندن لە دووبەرەکی نێوان هێزەکانی دیکەی کوردیدا. (کاتێک خۆمان دەکەینە لایەنگری یەک لایەن قەڵشێک لە هەستی یەکگرتوویيدا پێک دێنین) شەڕ لەگەڵ بارزانییەکان شتێکی بێ مانا بوو. کە لەژێر کارتێکەری یەکیەتیدا کرا.

٤- پاوانخوازی حێزبی و لە حێزبیشدا لە رێبەرایەتیدا، کە بە شێوەیەک جێگای رێبەری عەشیرەتی دەگرێتەوە و هەر ئەو ئێفێکتەی هەیە.

٥- کەم بەهادان بە کادری لێهاتوو و نەزانینی کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی راگەیاندن.

٦- کەم بەهادان بە هێزی دوژمن و دروست کردنی دوژمنی نێو خۆ. دیاردەی شەڕی نێوخۆ کە کەم تا زۆر لە هەموو بزوتنەوەکاندا بووە، ئێمەش دەگرێتەوە.

پاش شەڕی کوەیت کوردستانی باشوور بە کردەوە ئازاد دەبێ. دروشمی کوردایەتی هەتا بڵێی بە تینە، بەڵام بە کردەوە میللەت و ئاکاری نەتەوەیی بەڕێوە ناچی. شەڕی نێوخۆ، شەڕ لەگەڵ پ.کا کا. و چاوپۆشی لە تیرۆری پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات. هەموو دژی هەستی یەکگرتووی نەتەوەییە.

ئەمانە هەموو باسی رابردوو بوو. بەڵام ئێستاش بزوتنەوە بەردەوامە کەم یان زۆر خەڵک هیوای پێیانە. ئایا دەتوانن ئەم هیوایە بەدی بێنن یان نە، ئەوە باسی بەشی دووهەمی قسەکانمە.

ستراتێژی نەتەوەیی یان شۆڕش لەسەر ئارەزو و هیوا و و دروشم و پێداهەڵکوتن دانامەزرێ بەڵکوو بە لێکدانەوەی بار و دۆخ و هەڵسەنگاندنی هێز و ئیمکاناتەوە جیبەجێ دەبێ.

دەزانین کە رۆهەڵانی ناوەڕاست بەرەو گۆڕانکارییەکی مێژوویی دەڕوا. با بزانین چەند لەم گۆڕانە ئێمە دەگرێتەوە؟

رووداوەکانی ئەورۆ پێمان دەڵێن کە کوردستانی رۆژئاوا گەییشتووەتە قۆناخێک کە دەکرێ بڵێین وەکوو کوردستانی باشووری لێدێ. بەشار دەڕوا و شەڕی ناوخۆش چاوەڕوان دەکرێ. بەڵام ئەمەی کە کورد لەوێ بەدەستی هێناوە دەبێ بە هەموو توانایەوە رای بگرێ. بەرجەوەندی لاوەکی کۆسپ ساز دەکا، بۆ نموونە سازکردنی بەرەی یەکگرتوو بە بەرجەوندی تورکیەوە. بەڵام دەکرێ چارەسەر بکرێ. گرینگ ئەتۆ شوێنێکت هەبێ کە لەبەر دەسەڵاتی خەڵکەکەی خۆت دابێ.

بارودۆخی سوریە تا رادەیەک گرێدراوە بە بارودۆخی تورکیەوە. کوردستانی باکوور بە قۆناخێکی زۆر ناسکدا تێدەپەڕێ. لە لایەکەوە نازانین ئەو رێکەوتنەی ئەم دواییانە چییە و بەرهەمی چ دەبێ. وەکوو باوە رێبەرانی کورد قەت راپۆرتێکیان بە خەڵکەکەیان نەداوە. ئەوەی کە روونە خەڵک ئۆرگانیزە کراوە و لە مەیدان دایە. هیچکات دنیا ئەوەندە ئامادەیی

بۆ گوێدان بە کورد نەبووە. ئایا بەڵێن و پەیمانی تورکیە باوەڕی پێدەکرێ، ئایا بەڵێنێک دراوە. ئایا ئەم تێکهەڵچوونە و خۆپیشاندانانەی ئەم دواییانە کارتێکەری لەسەر نابێ.

گرینگ ئەوەیە کە وا دیارە هێزی کورد بە هۆشیارییەوە هەنگاو دەنێ، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم نازانم ئەو دێمۆکراسییە کە ئەوان چاوەڕوانی دەکەن لە تورکیەدا ئیمکانی هەیە. ئەگەر دابینین کە ئامانجی کورد سەربەخۆییە، ئەم هەنگاوە چەند بەرەو ئەو ئامانجە دەڕوا. یاخۆ لێی پەشیمان بوونەتەوە.

کوردتانی باشوور قۆناخێکی بە تەواوی بڕیوە و هەلی لەبارە بۆ پێکهێنانی سەربەخۆیی. بەڵام من پێم وایە ئامادەییان نییە و خۆیان بۆ ئەو قۆناخە تەیار نەکردووە. بەشێکیان هەر پێ خۆش نییە باسیشی بکرێ.

ئەو بەشە کە لە هەموو بێ بەشترە کوردستانی رۆژهەڵاتە. رێکخراوەکان بە تەمای قەزا و قەدەر دانیشتوون. ئەگەریش بقەومێ نازانین بە تەمای چین. دیسانەوە دەستەوداوێنی تاران دەبین یان بە شەڕی ناوخۆوە خۆ دەخڵافێنن.

لێرە دەمەوێ بەشێک لەو کتێبەتان بۆ بخوێنمەوە کە پوختەی بۆچوونەکانی منە سەبارەت بە بارودۆخی کوردستانی رۆژهەڵات. هەروەها ببێتە سەردێڕێک بۆ پرسیار و وەڵام.

من پێم وا نییە کە سەناریۆی ٢٠٠٣ عێراق لە ئێران دووپات دەبێتەوە. گەرچی کەسانێک و هێندێک لە هێزە سیاسییەکان بەو هیوایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانانی دەوڵەتی ئێران بروخێنن و ئەوان بە سەلام و سەڵەوات بگەڕێنەوە. بۆ بەدیهاتنی ئەم ئارەزووە کاریشیان کردووە. رۆیشتنی رێبەران بۆ خزمەتی کوڕی شای گۆڕین و چاوپێکەوتنی کەسی دەستە پێنجەمی رێکخراوی ئەمنیی ئەمریکا لەم جۆرە هەوڵانەن. (بڕواننە سایتی حدکا و کۆمەڵە).

بە پێویستی نازانم لێرە باسێکی دابی رۆژ بکەمەوە، بۆیە کورتی دەکەمەوە: بۆ گەییشتن بە مافی نەتەوایەتی و ئازادیی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی و ... تەنیا رێگا بۆ خەڵکی ئێمە شۆڕشە. ئەوەش بە شێوەی راپەڕینی گشتیی خەڵک دەبێ. ئەرکی حیزب و رێکخراوەکان سەوداکردن و چاوەڕوانبوونی مۆجیزە نییە، بەڵکوو ئامادەکردنی خەڵک و لە هەموو گرینگتر هێزەکانی خۆیان بۆ هەستانێکی لەم شێوەیە. کەی و لەکوێ و چۆن؟ ئەوە دەبێ بڕۆن فێری بن. دیارە بە هۆی نەبوونیان لەنێو کۆمەڵدا، قسە و بەڵێنی بێکردەوە کار ناکا و هیچ کاردانەوەیەکی لای خەڵک

نابێ. قسەی خۆشی بێ کردار ناڕوا. خەڵک روو لە هێزێک دەکەن کە لە رۆژانی ئەستەمدا و لەکاتی هێرش بۆ گیان وماڵیان، بە کردەوە پشتیوانیان بێ.

لە خەباتی راستەقینەدا، دیاریکردنی ئامانج (کە لێرە کێشەی نەتەوایەتییە) یەکەم هەنگاوە. خەڵک دەبێ بزانێ ئەم راپەڕینە چی بەسەر دێ و چی دەستەبەر دەکا و هەنگاوی دوایی چییە؟ بەڵام ئەوە کە من لە بەرنامەی حیزبەکاندا دەیبینم، نەبوونی ستراتێژییە. تەنیا رووناکایی مۆمێکە بۆ روونکردنەوەی بیابانێکی تاریک.

دوای ئەمە، هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە لە چالاکییەکاندا. هیچکام لە هێزەکان بە تەنێ ئەوەندەیان لە باردا نییە کە بتوانن ئەوی تر لە بەرچاو نەگرن. ئەمە بۆ پێشگرتن لە شەڕی نێوخۆیی دواییش، لەو شێوە کە لە کوردستانی باشوور رووی دا، پێویستە.

هەر لە ئێستاوە دەبێ لە بیری هێنانە مەیدانی مرۆڤی کارلێهاتوو و تایبەتکاردا بن. با لایەنگری ئەوانیش نەبن. ئەوان کادری ئەم میللەتەن، دەبێ رێ و مۆڵەتیان پێ بدرێ و تەنانەت داوایان لێ بکرێ بێن لە شۆڕشدا بەشدار بن. هێزەکان دەبێ بزانن کە بە هێنانەوەی چەند دەنگی خۆماڵی و بوون بە سکرتێری حیزب نایانکا بە زانای هەموو زانیارییەکانی دنیا. ئەمەش بۆ بەرگری لە دانانی بەرپرسی کارنەزان لە شوێنە سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتییەکاندایە و پێشگرتن و کەمکردنەوەی گەندەڵییە لە وڵاتانی وەکوو وڵاتی ئێمەدا. رێگاکانی بە دێمۆکراتیکردن دەبێ بخوێندرێنەوە و گرنگییان پێ بدرێ، دەنا سەرەڕۆ و سەرەڕۆیی دەگەڕێتەوە؛ هەروا کە لە حیزبی خۆشیاندا بە تاقییان کردووەتەوە.

دێمۆکراسی گوتەی جوان و رازاوەی شاعێرانە نییە. دێمۆکراسی بە مانای هاوسەنگیی هێزە. بە بێ هێز بەش بە کەس نادرێ. لە زۆربەی گوتار و نووسراوەکاندا دابەشکردنی دارایی (بە تایبەت لەو وڵاتانەدا کە داراییەکان لەژێر خاکەوە دەردەهێنرێ.) لە بیر دەکرێ. ئەم بەشە لە هەموو مێژوودا و لە دێمۆکراتترین سیستەمدا لە دەستی خاوەن هێزەکاندا بووە و هەرواش دەبێ و ئەگەر خەڵکێک ئەو هێزەی نەبێ کە بەشی خۆی (بە هەر شێوەیەک دەگونجێ) وەربگرێ، یان شەریکەبەش بێ، بە دەست پانکردنەوە و سواڵکەری ناگاتە دێمۆکراسی.

بە کورتی، زۆرن ئەو جووڵانەوانەی کە حەقبەدەست بوون، خەباتیان کرد، گەییشتنە لووتکە، بەڵام دامرکان و لە بیر چوونەوە؛ چونکە لە خاڵێکی کاتیدا هەڵەیان کرد.

ئێستا ئەم دنیا و بە تایبەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە قەیرانێکی بنچینەیی دایە. کاتی ئەوە هاتووە باسە کۆنەکان نوێ بکرێنەوە بە بۆچوونەکاندا بچنەوە. بەشێک لە ئەتیۆپیا بە دەنگی خەڵک جیا بووەوە. دیکتاتۆرییەکانی دنیای عەرەب یان رۆخان یان خەریکی روخانن. فەلەستین خواستی سەربەخۆیی بردووەتە رێکخراوی نێونەتەوەیی. کوردستانی باشوور ناوچەی فێدراڵیی

خۆی سامان داوە، گەرچی هێشتاش دوژمنی هەیە، بەڵام ئەمری واقعە و ڕێگای گەڕانەوەی نییە. ئێران لە گێژاوی قەیرانی نێونەتەوەییدا چەقیوە و گۆڕانی قووڵی لێ چاوەڕوان دەکرێ. کە وا بوو، هێزەکانی کوردستان دەبێ زۆر بە وردی و هۆشیاری، هەلومەرجەکە لێک بدەنەوە و بەپێی ئەوە بەرنامە و گەڵاڵەی خەباتی خۆیان داڕێژن.

گێرە و کێشەی ئێمە لە کوردستاندا جگە لە کێشە گشتییەکان کە لەگەڵ شوێنەکانی دیکەدا هاوبەشین، کێشەی نەتەوەییە.

لە ڕاستیدا کاتێک ئەم کێشە دەکەوێتە مەیدانی خەباتەوە و قوربانی و وێرانی بە جێ دەهێڵێ، ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە دادەخا. لەم کۆمەڵگایانەدا هەتا ئەم کۆسپە لا نەبرێ، گرفتی دیکەی وەکوو کێشەی چینایەتی، دێمۆکراسی و لابردنی داب ونەریت و کولتووری خراپ، ڕەنگی نابێ و بەگرینگ ناگیرێ. بەڵام خودی کێشەی نەتەوەییش دەبێ بە شێوەیەک چارەسەر بکرێ کە دوایە، وەکوو زامی کۆن هەڵنەداتەوە. لەم بوارەدا، فاکتەری وەکوو زمان، ئابووری، ڕەگەز، ئایین و هتد... گەرچی کاردانەوەیان هەیە، بەڵام بنیادی نین. ئیرلەند زمانی وەکوو ئینگلیسە بەڵام داوای جیابوونەوە دەکات. عەرەب یەک زمان و یەک قەوم و یەک ئایینیان هەیە، بەڵام بیست و چەند وڵاتیان هەیە. پێداگرتن لەسەر ئەم گرفتانەی ناسەرەکی، شێواندنی پرسی نەتەوەییە. گرنگ داواکاریی هاوبەشی خەڵکە. زۆرجار گوتراوە و نووسراوە کە ئێمە کێشەی نەتەوەییمان نییە و بە گوتنی وشەی قەوم لە باتی نەتەوە ئینکاری کێشەکە دەکرێ. بەڵام پرسەکە دەبێ وەڵام بدرێتەوە و ڕێگاچارەی بۆ بدۆزرێتەوە. نەک سەردێڕەکەی بسڕینەوە.

لە سەرەتای جووڵانەوە میللییەکانی کوردەوە هەتا ئەم ئاخرە، ئەم داخوازییە بە دروشمی "خودموختاری"یەوە گرێ درابوو. گەرچی جار هێزێک دروشمی دیکەی هەبووە، بەڵام چونکە کاری جیددیی بۆ نەکراوە، نەبووەتە دروشمی خەڵک.

لەو وڵاتانەی کە کوردی لێ دەژین، لە شەڕی دووهەم بەملاوە شێوەیەکی نوێ لە سەرمایەداری حاکم بووە کە هەموو کاتێک دیکتاتۆری ناوەندی کۆسپی سەر ڕێی بەدیهێنانی مافی کولتووری، ئابووری و سیاسی کەمینەکان بووە. تەنانەت پێشگیرییان لە بەشداریکردنیان لە دەزگا دەوڵەتییەکاندا کردووە. بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی سی و چەند ساڵە دەسەڵاتی بە دەستە، بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، یەک وەزیر یان بەرپرسی پایەبەرزی کورد یان بەلوچ، تورکمەن و سوننەمەزهەب نەدیتراوە. هەموو دەسەڵاتەکە لە پاوانی شێعە و مەلاکاندا بووە. ئەمە هەستی خۆ بە بێگانە دانانی لای کەمینە نەتەوەییەکان وروژاندووە و ناچاری کردوون داوای بە ڕەسمی ناسینی پێناسەی میللی خۆیان بکەن.

سەردێڕی ئەم خواستە سیاسییە "مافی چارەنووس"ـە کە لە خواستی دابەشکردنی هێزی

ناوەندییەوە (وەکوو وڵاتانی سکاندیناوی) هەتا "سەربەخۆیی" دەگرێتەوە.

لە جووڵانەوەکانی کوردستاندا هەموو کاتێک شێوەی "خودموختاری" خراوەتە بەر باس کە ئەمیش هەر بە کەمترین خواست لە "مافی چارەنووس"دا دەژمێردرێ.

نەکرا، نەمانتوانی ئەوەش دابین بکەین. هێزەکانمان لاواز و پەرت و بڵاو بوون، رێبەرایەتیی کارامە نەبوو، خەڵکەکەمان هەژار و نەکردەکار بوون. خواستەکەمان لەباری حقوقیی نێونەتەوەییەوە پشتیوانی نەبوو، چونکە بە کێشەی نێوخۆیی وڵات دەناسرا، دوژمنەکەمان پاوانخواز و شوینیست بوو و لەم بوارەدا لە هیچ کردەوەیەکی نائینسانی درێخی نەدەکرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەگەر وا نەبا و سەرکەوتباین دیسانیش کێشەکە دوایی نەدەهات، بۆ؟ چونکە لە هەموو گەڵاڵەکانی "خودموختاری"دا (هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا) سێ هێزی بنیادی لە دەست حوکوومەتی ناوەندیدا دەمێنێتەوە و لە هەموو وڵاتانی دنیا، پێگەی دەسەڵات هەر ئەم سێ بەشەن: سوپا، ئابووری و سیاسەتی دەرەوە. هێندێ دروشمی لاوەکیی وەکوو "دێمۆکراسی" و "ئازادیی مەدەنی" و هتد ... کە لە گەڵاڵەکاندا هاتووە، بە هیچ جۆرێک داهاتوو دەستەبەر ناکا. سیستەمی ئابووریی وڵات دیاریکەری سیستەمی ئیداری و دەسەڵاتی چینایەتییە. ناوچەی خودموختار بیەوێ یان نە، شوێنهەڵگری حوکوومەتی ناوەندی دەبێ. یاسا زۆرینە دایدەنێ، زۆرینەش دیتمان بە رەزای خۆی خومەینی و یاسای شەریعەتی پەسند کرد. تەنانەت ئەگەر فێدراڵیش بێ، یاسای سەرەکی یاسای فێدراڵە و دەبێ پێرەوی بکرێ. لە باری ئابووریشەوە دەبێ ناوچەی خودموختار چاوەڕوانی کەرامەت و لوتفی حوکوومەتی ناوەندی بێ. قسەی لاریش بکا سوپا بۆ سەرکوتکردن ئامادەیە. ئەگەر دێمۆکراسیی پارلمانی راستەقینەش دامەزرابێ، کەمینە هیچ کات دەنگی زۆرینە ناهێنێتەوە و ئەوان هەرکات بیانەوێ، دۆخەکە دەبەنەوە سەرتا و ناوچەی خودموختاریش کەرەسەی بەرگریکردنی نییە و هیچ کارێکی لە دەست نایێ، جگە لە گەڕانەوە بۆ شاخەکان. بە کورتی دروشمی خودموختاری لانی کەم لە وڵاتی ئێمەدا وەڵامدەرەوەی "مافی چارەنووس" نییە و هیچ دەرفەتێک بۆ لەناوبردنی چەوسانەوە پێک ناهێنێ.

ئەگەر دێمۆکراسیی راستەقینە دابمەزرێ، پێویست بە خودموختاری نییە. دەورانێکی دیکە لە مێژووی خەڵک دەست پێ دەکا کە ستەمی میللی نابێ مابێ. بەڵام بەو ناسینەی من لە کۆمەڵی ئێران و ئێرانیم هەیە، باوەڕ ناکەم کە لەم خولەی مێژوودا دێمۆکراسی و موجزەیەکی لەم چەشنە لە ئێراندا پێش بێت.

رژیم لە ئێراندا هەموو کاتێک دەوڵەت/سەرزەوین بووە کە ئەم شێوە حوکوومەتە بە تایبەت لە ئاسیادا بۆ خۆی بنەمای دیکتاتۆرییە. تەواوی مێژووی ئێران شایەتی لەسەر ئەمە دەدات. لە "ساتراب"ـەکانی سەربەخۆی هەخامەنشییەوە هەتا "ممالک محروسە"ی دەورانی قاجار،

هەموویان شێوەیەک لە "لامەرکەزی" هاوڕێ لەگەڵ دیکتاتۆریی ئیمپراتۆرەکاندا بوون. پەهلەوی یەکەم هەوڵی دا نەتەوە/سەرزوین پێک بێنێ. میللەتێک بە پێناسەی هاوبەشەوە. گەرچی بەم مەبەستە خوێنێکی زۆر رژا، بەڵام بە ئاکام نەگەییشت. ئەگەر گەییشتبا پرسی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان، خوزستان و خوراسان و کۆماری گیلان نەدەکەوتەوە.

دوای گەڵاڵە و پەسندکردنی فێدرالیسم لە کوردستانی باشووردا، ئەم دروشمە سەرنجی حێزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتیشی راکێشا. بە بێ هیچ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی قووڵ و جیددی کە خەڵک رازی بکا. راستییەکەی ئەوەیە لە عێراقیشدا حوکوومەتی ناوەندی هێشتاش دەستەواژەی "عێراقی فێدراڵ" بە کار نابا، گەرچی بە کردەوە چەسپاوە و کاری پێ دەکرێ. ئەمە دیارە ئاکامی هەلومەرجێکی تایبەتی بوو کە هاوپەرایی توانای هێزەکان ئەم دەرفەتەی رەخساند. چەندە درێژە دەکێشێ و چی بەسەر دێ، باسێکی دیکەیە.

بۆ دەبێ بیرکەینەوە کە ئەم هەلومەرجە لە ئێرانیشدا پێک دێ؟ یەکەم جیاوازی ئەوەیە کە عێراق، دوو نەتەوەی تێیدایە (کورد و عەرەب)، بەڵام ئێران لانی کەم شەش مللیەتی لە خۆ گرتووە.

پێکهاتەی فێدراڵی لە دنیای ئەورۆدا سیستەمێکی بە تەواوی ئاساییە. چل لە سەدی جەماوەری دنیا لە بیست و شەش وڵاتدا خاوەنی پێکهاتەی فێدراڵین. هێندێک دیکتاتۆرین و هێندێکیش دێمۆکراتین. ئەگەر دەورانی فێئودالی لە بەرچاو نەگرین، فێدرالیسم سەرەتا لە ئەمریکاوە دەستی پێ کردووە. ئەیالەتە سەربەخۆکانی ئەو سەرزەوینە لە ساڵی ١٧٧٧دا لێک کۆ بوونەوە و بەپێی بەیانێک یەکگرتوویی خۆیان راگەیاند. هەر بەو هۆیەش نێویان نرا "ئەیالەتە یەکگرتووەکان". (تەنانەت باشترە بگوترێ دەوڵەتە یەکگرتووەکان) پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەو وڵاتانە کە سەربەخۆ بوون یان دوایە سەربەخۆییان وەرگرت لە یەکێتییەکدا کۆ بوونەوە و نێویان نا "یەکێتیی کۆمارەکانی سۆڤیەت". کاتێکیش ئەم یەکێتییە تێک چوو، کۆمارەکان لە شوێنی خۆیان مانەوە. لە ئاڵمان و سویس، ئەیاڵەتەکان بۆ خۆیان سەرۆک کۆماریان هەیە و...

ئەگەر بڕوانینە رابردوو و چۆنیەتیی پێکهاتنی وڵاتە فێدراڵەکان، دوو لایەنی هاوبەش دەبینین: یەکەم پێکهاتنی فێدرالیسم لە خواست و خەباتی سەربەخۆی ناوچەکانەوە دەستی پێ کردووە. دووهەم هەموو لایەنەکان ئازادیی هەڵبژاردنیان هەبووە و یەکێک خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا نەسەپاندووە و هیچکام بە زۆر نەهێنراوەتە نێو سیستەمەکەوە. کە وا بوو، ئازادیی هەڵبژاردن لە چۆنیەتیی مافی چارەنووسدا یەکەم مەرجە و سەربەخۆیی پێشەنگی پێکهاتەی فێدراڵییە. لەم بوارەدا خواستی راشکاوی خەڵک و خەباتی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی بڕیاردەرە.

بە لەبەرچاوگرتنی رادەی خەباتی گەلانی دیکەی ئێران، ئامادەکاری بۆ فێدرالیسمێکی

سەرانسەری لە قسەی پشت مێزی رووناکبیرانی دەرەوەی وڵات تێناپەڕێ و هاودەنگی لەلایەن خەڵکەوە پێک نەهاتووە. رەنگە دەبێ کاری بۆ بکرێ.

بەشێکی بەرچاوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەو مەرجە لەگەڵ کورد سەبارەت بە فێدرالیسم دەدوێن کە پێشمەرجی "یەکپارچەیی خاک" درزی تێنەکەوێ. بەداخەوە هێزە کوردییەکانیش ملکەچی ئەم پێشمەرجەن و لەگەڵیان هاودەنگی دەکەن. قەبووڵی ئەم مەرجە بە مانای باوەشکردنەوە بۆ شووینیسمی گشتخوازی ئێرانییە. ئەمە یانێ گەڕانەوە بۆ خودموختارییەکە. ناوەکەی گۆڕاوە، بەڵام ناوەرۆکەکەی هەر هەمانە. بۆ پێشمەرجی ئازادیی هەڵبژاردنیش هەر لە ئێستاوە تێخیان لە هەسان داوە.

بەر لە هەر دروشمێک سەبارەت بە فێدراڵی دەبێ دروشمی سەربەخۆیی بدرێ. هەر میللەتێک دەوڵەتێک. ئەم خواستە پشتیوانیی یاسایی نێودەوڵەتیشی لەگەڵە. خەڵک خۆی نەتەوەبوونی خۆی دیاری دەکا. کاتێک ئێمە خۆمان بە نەتەوە زانی و ئامادە بووین سەربەخۆ بین و باقیی گەلەکانیش ئامادەی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیان بوون، ئەودەم دەکرێ دانیشین و یەکێتیی فێدراڵ یان کۆنفێدراڵ پێک بێنین. یان شتێک وەکوو بازاڕی هاوبەشی ئۆروپا.

لە سیاسەتدا، هیچ شتێک پیرۆز نییە. ئەو سنوورانەی کە ئەوڕۆ هەن، پەنجا ساڵ لەمەوبەر نەبوون. سی ساڵ پێش ئێستا، زۆربەی وڵاتانی ئەوڕۆیی ئەفریقا لە هیچ نەخشەیەکدا نەبوون، ئەوڕۆ ئەندامی رێکخراوی نێونەتەوەیین.

گوتەیەک هەیە کە زۆرجار دووپات بووەتەوە. دەڵێن "دنیا خەریک سڕینەوەی سنوورەکانە (مەبەست ئۆروپایە) ئێوە دەتانەوێ سنووری نوێ دانێن؟"

ئەمە خەڵک فریودانێکی منداڵانەیە. کاڵبوونەوەی سنوورەکان لە ئۆروپا لە نێوان وڵاتانی سەربەخۆدایە و ئەوان هێشتاش سەربەخۆیی خۆیان راگرتووە. بە ئێمە دەڵێن نابێ لەگەڵ عەرەب و تورکدا سنوورمان هەبێ، بەڵام سنووری نێوان ئێمە و برا کوردەکانی هاوسێمان بە تێلی دڕودار و دیواری بتۆن هەڵچنراوە.

کێشە سنوور نییە. گرینگ ئەوەیە خەڵک خۆی بڕیار بۆ خۆی بدا.

رەنگە بگوترێ: "ئەمە پێشینەی مێژوویی هەیە و رەوتی مێژوو وای هێناوە" هێندێکیش دەڵێن: "هەموو ناوچە کوردییەکان خاکی ئێرانن"

منیش دەڵێم کاری شۆڕش دووبارە نووسینەوەی مێژووە. ئێوەش ئەگەر دەتوانن هەموو ناوچە کوردییەکان بکەنە هی خۆتان و ئێمپراتۆری ساسانی زیندوو بکەنەوە.

ئەمە بە مانای خواستی کوردستانی گەورە نییە، گەرچی ئەمە مافی خۆمانە و ئاواتی هەموو

کوردێکە. ئەم ئاواتە سێسەد ساڵە لە شێعر و گۆرانییەکاندا دەگوترێتەوە. بەڵام با چوار کوردستان بێ. گرفت نییە. بۆ هەر بەشێک کە دەرفەت برەخسێ دەبێ کەڵکی لێ وەرگیرێ.

هەرچۆنێک بێ، من باسی ئەمڕۆی کوردستانی رۆژهەڵات دەکەم و پێم وایە کاتی ئەو دروشمە هاتووە. خەڵکی ئێمە زیاتر لەوە کە بیری لێ دەکەینەوە ئامادەیی هەیە.

بۆ ئەوەی گیروگرفتەکانی ئێستای کوردستانی باشوور لە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، لای ئێمەش دووپات نەبێتەوە و پاش بیست ساڵ نەگەڕینەوە سەرەتا و هەڕەشەی "سەربەخۆیی" بکەین، هەر لە ئێستاوە تەنها دروشمی دروست، دروشمی "سەربەخۆیی"ــە، ئەمە تەنیا رێگای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندییە. جارێک بۆ هەتاهەتایە ئەم مۆتەکەی دیکتاتۆرییە لا دەین و خۆمان بۆ دنیایەک کە ئینسانەکان لەوێ یەکسانن، ئامادە بکەین. ئەوەش بزانین کە بە هۆی دانی ئەم دروشمەوە هەر ئەوەندە دوژمنایەتیمان لەگەڵ دەکرێ کە هەتا ئێستا کراوە. ئەوانەش کە لەگەڵمان نین، با هەر لە ئێستاوە دەرکەوێ، نەک سبەی بە هۆی جۆراوجۆرەوە بە جێمان بهێڵن.

گرفتەکە چییە؟ بۆ کاتێک باسی فێدرالیسم دەگاتە ئێمە (وەکوو زۆر شتی دیکە) سەر و گوێلاکی دەشکێ؟ ئایا نەزانینی رێبەرەکانمانە؟ لاساییکردنەوەی بێ لێکدانەوەیە؟ خۆ بە کەم زانییە؟ لێکدانەوەی هەڵە لە هەلومەرجە؟ یان دەسخەڕە کراوین؟ هەر کام لەمانە بێ، یەک شت روونە؛ ئەویش ترس لە ئاشکراکردنی دروشمی سەربەخۆییە؛ ترسی بە تەنێ مانەوە، ترسی لاوازی لە بەرەوپێشبردنیدا... هەر بۆیەش لە هاوپەیمان دەگەڕین. هەرچەند دەزانین کە ئەوانە هەواڵی ئەم رێگایە نین. ئەمڕۆ پێویستیان پێمانە دەنا ناویشمان لە بیر دەکەن. گومان لەوەدا نییە کە ئێمە خۆمان دەبێ داخوازییەکانی خۆمان بە دی بهێنین. گەلی کورد دەبێ بزانێ ئەگەر ئەو رۆژە هات، تەنیا خۆی بە کاری خۆی دێ. ئێمە دەبێ ئەو باوەڕبەخۆکردنەی پێ بدەینەوە. باوەڕبەخۆیەک کە لە ساڵانی سەرکوت و ژێردەستەبوون و رێبەری هەڵەدا لێی ئەستێندراوەتەوە. لە ئاخری هەموو ئەمانەوە دەبێ بزانین ئەوە بوونی توانایی و هێزە کە چارەنووس دیاری دەکا. دێمۆکراسی لە هاوسەنگیی هێزەوە دابین دەبێ نە قسەی خۆشی پشت مێزی کۆبوونەوەکان. دەبێ هێزەکانمان بگەنە ئەو رادەی کە بتوانن خواستەکان بسەلمێنن.

لە هەر یەکگرتنێکی شۆڕشگێڕانە بۆ روخاندا، ئێمە دەبێ پێشمەرجی خۆمان کە "کێشەی نەتەوەیی"ـە لە دەستووردا دابنێین. هێندێ بابەت هەن کە لە هەر شۆڕشێکدا "پێشمەرج"ن و ناکرێ بخرێتە دەنگ و پەسەندی یاساوە. بۆ نموونە: لە شۆڕشی داهاتووی ئێراندا، یەکسانیی ژن و پیاو، یاسای شەریعەت و... لەو پێشمەرجانەن. ناکرێ بگوترێ ئەگەر خەڵک دەنگیان بە یەکسانیی ژن و پیاو نەدا، ئەوە با یەکسان نەبن. دیتمان کە خومەینی پێشمەرجەکەی ئیسلام (دیارە بە تەفسیری خۆیەوە) بوو و هەر بەپێی ئەوە شۆڕشەکەی بردە پێشەوە. کەسیش لەم

بابەتەوە دەنگی دەرنەهات. تەنیا کوردەکان بوون کە "خودموختاری"یان کردە مەرج. بەڵام ئەم جارە دەبێ پێشمەرجی شۆڕش "کێشەی میللی" و "مافی سەربەخۆیی" بێ.

هەرچۆنێک بێ، چ دروشم "سەربەخۆیی" بێ یان "فێدراڵی"یان "خودموختاری" هەر لە ئێستاوە دەبێ لە بیری دانانی دەوڵەتێکدا بین کە لە داهاتوودا ئیدارەی وڵات بە دەستەوە بگرێ. کارێک کە دەبوا زۆر لە مێژەوە کرا با. ئەگەر نەمانەوێ دیسانەوە شەڕی نێوخۆ داگیرسێتەوە، هاوئاهەنگیی هەموو ئەو هێزانە کە باوەڕیان بە مافی نەتەوەیی هەیە، پێویستە. هاودەنگی لە ستراتێژیی خەباتدا. ئەمەش پێویستی بە وتووێژێکی هەمەلایەنەی ئەم هێزانەیە کە هیوادارم درەنگ نەبووبێت. مەرجی ئەم وتووێژەش وەلانانی پاوانخوازی، رێبەریخوازی و تاکەرۆییە. ئەوانەش کە دەیانەوێ بە خەرجکردنی خوێنی کورد حوکوومەتی تاران بڕوخێنن، با لە خەونی خۆشی خۆیاندا بن.

بە هیوای ئەو رۆژە.